# خۆپیشاندانی جیهانی دژی ئەمریکا!

نوری بەشیر
n.bashir3@ukonline.co.uk

دوێنی 18 مارس، لەسەدان شاری دنیادا لەئەمریکا، ئەرجەنتین، بەرازیل، کەنەدا، بەریتانیا، ئیسپانیا، ئەڵمانیا، ئیتالیا، سویسرا، سوید، دانمارك، فنلاند، یۆنان، تورکیا، تا دەگاتە عیراق، یابان، فەنزویلا، پاکستان و ئوسترالیا، خۆپیشاندانی بەرەی مرۆڤ دۆست و چەپ و کریکاری و کۆمۆنیست و ژنان، بە دژی شەری ئەمریکا و هاوپەیمانانی لەعیراقدا بەریخرا، بەسەدان هەزار کەس لەسەرتاسەری دنیادا رژانە سەرشەقامەکان و نایان بۆ سیاسەتی شەر ئەنگیزی ئەمریکا و هاوپەیمانانی وت کەچ کاولکاریەکیان لەعیراقدا بەریخست لەژیرناوی دژی دیکتاتۆری و هینانی دیموکراتیەت و خۆشی بۆ خەڵکی عیراق.

**بەریتانیا**

بەشداری )حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق، کۆنگرەی ئازادی عیراق، ریکخراوی ئازادی ژن لەعیراق و حزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئێران - حکمتی ...(




تایبەتمەندی ئەمساڵی بەرەیەکی ئینساندۆست و کریکاری و کۆمۆنیست و ژنان ئەوەیە، ئەگەرچی ئەمریکا بەپیچەوانەی ئەفغانستانەوە، شکستی خوارد، بەڵای شەرو کوشتارەکانی خەریکە خەڵکی ئیرانیش دەگریتەوەو ئەمە شوێنی نیگەرانی خۆپیشاندەرانەو یەکیك لەشیعارەکانی دژی ئەمریکا بوو، هەروەها لەزۆریك لەوڵاتەکاندا لە 8 ی مارسی ئەمساڵدا ریکخراوەکانی ژنان نایان بۆ جەنگ و سیاسەتی ئەمریکا وت، ئەم ریزە فراوانە لەسێ ساڵ بەر لەئیستا کەهیزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانە جیهانیی و عیراقیەکانی ویستیان ئەم جەنگە بەریبخەن، رژانە سەر شەقامەکان و نایان بۆ جەنگی ئەمریکا وت و وتیان ئەم جەنگە کارەسات و سیناریۆی رەش بۆ خەڵکی عیراق بەوجود دینیت، وتیان نا بۆجەنگی ئەمریکاو شەرخوازی بەدژی خەڵکی عیراق، ئەمساڵیش ئەم

هیزە لەسەرتاسەری جیهاندا نارەزایەتی خۆیان بەجەنگ و کوشتارو کاولکاری ئەمریکا و هاوپەیمانانی وت و داوای  دەرچونی دەست بەجێی هیزەکانی ئەمریکایان لەعیراق کرد.

لەنیو ئەو هیزە نارازیەدا لەجیهاندا، حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق، وەك هێزی پیشرەوی حەرەکەتی دژی جەنگ و سیاسەتی ئەمریکابوە،  هەر لەسەرتاوە لەمەیداندا بوە و هاوکات لەمسالّیشدا هێزێکی بەرچاو بوە لەخۆپیشاندانەکاندا، بەجیا لەوانەش هیزیکی راوەستاوی دژی تیرۆریزی ئەمریکاو ئیسلامی سیاسی یە، کە بەهۆی سیاسەتی ئەمریکاوە بەهیزکردنی ئیسلامیەکان عیراقیان ئیسلامیزەکردوەو ئەمەش ترسناکیەکی گەورەی هەیە بۆخەلکی عیراق و ناوچەکە.

هەروەها ئەمسال حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق، کۆنگرەی ئازادی عیراق، ریکخراوی ئازادی ژن لەعیراق و حزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئێران – حکمتی، بەشیعارەکانی ( نا بۆ ئەمریکا نا بۆ ئیسلامی سیاسی، چونە دەرەوەی دەستبەجێی هیزەکانی ئەمریکاو بەریتانیا، نا بۆشەری تایفی و قەومی، بەلّێ بۆ ئەمنیەت و ئازادی و سکولاریزم ) بەشداری خۆپیشاندانیان کرد .

## ئەمەی خوارەوە بەشێکی کەمی ئەو خۆپیشاندانەن لەجیهاندا:



## بەریتانیا









بەریتانیا - لەندەن

# ئەمریکا

واشنتۆن







سانفرانسیسکۆ

نیۆرك










پاکستان نا بۆ جەنگ و دەستهەلگرتن لەسەر عیراق دەکەن

ژنانی پاکستان نا بۆ جەنگ دەڵێن




## یابان

## ئیتالیا



یۆنان - ئەسینا



هەنگاریا






تورکیا



استراليا





# کەنەدا

لەکەنەدا، حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق، کۆنگرەی ئازادی عیراق، ریکخراوی
ئازادی ژن لەعیراق و حزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئێران – حکمتی، بەشداریان










## فنزویلا



## فنلەند




## اسپانیا